# ئایا ڕێنیشاندەرتان بم بۆ شتێك كە خێرترە لەوەی داواتان كرد؟ کاتێک دەچنە سەر جێگاکەتان، سی وسێ جار بڵێن: (سبحان الله) ، وسی وسێ جار بڵێن: (الحمد لله)، وسی وسێ جار بڵێن: (الله أكبر)؛ ئەمە خێرترە بۆتان لە خزمەتكارێك

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سكاڵای بۆ لا كرد بەهۆی ئەوەی دەستی تووشی ئازار دەبێت لەسەرەنجامی بەكارهێنانی بەردەئاش، وپێی گەیشتبوو كە ئەو هەندێك بەندەیان بۆ هێناوە، بەڵام نەیانی بینی، ئەویش ئەمەی بۆ عائیشە باسكرد، كاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات ؛ عائیشە ئەمەی بۆ باسكرد، عەلی دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەردانی كردین لەكاتێكدا خەریك بوو دەخەوتین، بۆیە خەریك بوو هەستین، بەڵام ئەو فەرمووی: «لە شوێنی خۆتان بمێننەوە»، هات لەنێوان من وئەو (فاتیمە) دانیشت، هەتاوەكو هەستم بە ساردی پێیەكانی كرد لەسەر سكم، وفەرمووی: «ئایا ڕێنیشاندەرتان بم بۆ شتێك كە خێرترە لەوەی داواتان كرد؟ کاتێک دەچنە سەر جێگاکەتان، سی وسێ جار بڵێن: (سبحان الله) ، وسی وسێ جار بڵێن: (الحمد لله)، وسی وسێ جار بڵێن: (الله أكبر)؛ ئەمە خێرترە بۆتان لە خزمەتكارێك».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- سكاڵای خۆی هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەو ناڕەحەتی وئازارەی تووشی دەستەكانی دەبن لەسەرەنجامی كاریگەری هاڕین لە بەردەئاشدا، بۆیە كاتێك سەبیان هێنا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ چوو بۆ لای داوای خزمەتكارێكی كرد لەم سەبییانە، بۆئەوەی لە جیاتی ئەو كارەكانی ماڵ بكات، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵ نەبوو، وچاوی بە عائیشە كەوت -ڕەزای خوای لێبێت-، وئەوەی بۆی باسكرد. كاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گەڕایەوە عائیشە باسی هاتنی فاتیمەی بۆ كرد بەوەی داوای خزمەتكارێكی كردووە، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ لای فاتیمە وعەلی -ڕەزای خوایان لێبێت- لەكاتێكدا ئەوان لەنێو جێگاكانیان بوون وخۆیان بۆ خەوتن ئامادە دەكرد، ولە نێوانیان دانیشت هەتاوەكو عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- هەستی بە ساردی پێیەكانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- كرد لەسەر سكی، وفەرمووی: ئایا شتێكتان فێر بكەم كە خێرترە لە داواكەتان بەوەی خزمەتكارێكتان پێببەخشم؟ ووتیان: بەڵێ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەگەر چوونە سەر جێگاكانتان بۆ خەوتن لە شەودا، سی وچوار جار تەكبیر بكەن - بڵێن: الله أكبر-، وسی وسێ جار بڵێن: سبحان الله، وسی وسێ جار بڵێن: الحمد لله؛ ووتنی ئەم زیكرانە خێرترە بۆ ئێوە لە خزمەتكارێك.